# وەزیری دارایی و سەرکی دەستەی زیندانیانی سیاسی جەختیان بەگرینگدان بەخوشی زیندانیان کردەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە"تەیف سامی محەمەد" وەزیری دارایی و حسێن سوڵتانی" سەرکی دەستەی زیندانییانی سیاسی عێراق جەختیان لەسەر دەستبەرکردنی مافی زیندانیانی سیاسی کردەوە.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی داراییدا هاتووە:- "تەیف سامی محمد" وەزیری دارایی،پێشوازی لە "حسێن سوڵتانی" سەرکی دەستەی زیندانییانی سیاسی عێراقی کرد و لە میانی کۆبوونەوەیەکدا باسیان لە پەداویستی و دۆخی بەندکراوانی سیاسی کرد لە چوارچێوەی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان وەزارەت و دامەزراوەکە، و بەدواداچوون بۆ پرسە داراییەکانی پێویست بۆ واقیعی کارەکانیان ، ئاوڕیجگە لە گفتوگۆکردن لەسەر ئاستەنگە داراییەکانی دامەزراوەکە و هەڵوێستی لەسەر چارەسەرکردنیان بەپێی ئاوڵی لە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵدا هاتووە.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :- لە میانی دیدارەکەدا ، وەزیری دارایی تەئکیدی کردەوە کە وەزارەت گرنگییەکی زۆر دەدات بۆ دەستبەرکردنی مافی زیندانیانی سیاسیەکان بەگوێرەی هەڵنمایەکانی سەرکۆماری هەوڵدەدات ئاو ئاستەنگانەی بەردەم کارەکانی دامەزراوەکە تێپەڕێنێت.

لای خۆیەوە سەرکی دامەزراوەکە سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ پەرەشی وەزیری دارایی بۆ پشتگیریکردنی لە دامەزراوەکە بۆ ئاو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی دەکات دەربڕی